المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص:١٢٥-١٤١
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# خەسڵەتە پەسەندکراوەکانی مامۆستای نمونەیی لە ناوەندی زانکۆدا لە ڕوانگەی خوێندکارانی کۆلێژە پەروەردەییەکانەوە

پ.ی.د.نظام عبدالجبار حسين
بەشی پەروەردەی هونەری –کۆلێجی پەروەردە – زانکۆی سلێمانی–عێراق
nidham.hussein@univsul.edu.iq

م.ی رزگار حمەلاو خالد
بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان –کۆلێجی پەروەردە – زانکۆی سلێمانی– عێراق
rizgar.khalid@univsul.edu.iq

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە کە نانونیشانی " خەسڵەتە پەسەندکراوەکانی مامۆستای نمونەیی لە ناوەندی زانکۆدا لە ڕوانگەی خوێندکارانی کۆلێژە پەروەردەییەکانەوە" سنوری توێژینەوەکە پێك هاتووە لە: خوێندکارانی قۆناغی سێیەم و چوارەمی هەریەك لە بەشەکانی هەردوو کۆلێژی (پەرەوەردەی بنەڕەتی) و (پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان/سەیدصادق) زانکۆی سلێمانی.بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٧ – ٢٠١٨). میتۆد و کۆمەڵگە و ئامرازەکانی توێژینەوەکە خراونەتەڕوو، کەتیایدا پشت بە میتۆدی وەصفی ڕووپێوی بەستراوە، کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێك هاتبوون (١٣٠٢) خوێندکاری قۆناغی سێیەم و چوارەم لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ. نمونەیەی وەرگیراو لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا (١٣٥) خوێندکار بوون کە لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ کە بە بەشێوەی هەڕەمەکی چین (توێژ هەڵبژێردرابوون، لە هەریەك لە بەشەکانی هەردوو کۆلێژی (پەرەوەردەی بنەڕەتی) و (پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان/سەیدصادق) زانکۆی سلێمانی.

بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری هەردوو توێژەر ئامرازی ڕاپرسی– یان بەکارهێناوە کە لە ( ٣٥) برگە پێکهاتبوو، برگەکان بەڕێژەی (٨٥٪) ڕاستگۆیی و متمانەی شارەزایانی بەدەست هێنا، هەروەها بۆ دەرهێنانی جێگری شێوازی ( Test-Re-Test) دوبارە جێبەجێکردنوەیان بەکارهێناوە کە (٨٨٪) پلەی جێگیری بەدەست هێنا. دواتر دەستکرا بە جێبەجێکردنی ئامرازی تۆژینەوەکە بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا. هەردوو توێژەر بۆ ڕونکردنەوەی داتا و زانیاریەکان چەند هاوکۆڵکەیەکی ئامارییان بەکارهێناوە لەوانە هاوکۆڵکەی (پێرسۆن ) ، ناوەندی شیاو(الوسگ المرجح) کێشی سەدی و ناوەندی ژمێرەیی. بۆ هەریەك لە برگەکانی ئامرازەکە گەیشتن بە هەندێك لەم دەرەننجامانەی کە: (گرفت هەیە لە: توانای مامۆستایان بەوەی وەك پێویست ناتوانن ناوەڕۆکی بابەتەکەی ببەستێتەوە بە ژینگە و ژیانی فێرخوازەوە، بەشێکیان هەڵس و کەوتیان لە ئاستی پێگە و پیشەکەیاندا نیە، چارەسەری کێشەکانی ناو هۆڵی خوێندنیان بە شێوەیەکی شیاو پێ ناکرێت، ڕێك پۆش نین و گرنگی بە ڕواڵەتی خۆیات نادەن ) هاوکات چەند ڕاسپاردەیەك پێشکەش کراوە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.5

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**الملخص**

استهدف البحث بعنوان " الصفات المرغوبة للأساتذ المثالي في المراكز الجامعية من وجهة نظر طلبة كليات التربية" للكشف عن خصائص المتنوعة للأستاذ المثالي، من وجهة نظر طلبة كليات التربية. وذلك من طريق طرح هذه السؤال:

ماهي ابرز الصفات المرغوبة الذى يتعرف فيه الأستاذ المثالي الجامعي.؟

حدود البحث يتكون من : طلبة المرحلتين الثالث والرابع لكافة الأقسام الكليتين(التربية الأساسية) و (التربية للعلوم الإنسانية/ سيدصادق) في جامعة السليمانية، للعام الدراسى (٢٠١٧ – ٢٠١٨). وتم إتباع المنهج الوصفي المسحي، منهجاً للبحث بموجب طبيعة البحث و هدفهه، وتتألف مجتمع البحث من طلبة المرحلتين الثالث والرابع لكلا الجنسين والبالغ عددهم (١٣٠٢) ، علماً لأن هذين المرحلتين بامكانهما تقويم اساتذهم بصورة مناسبة. وتم استخدام الاسلوب الطبقي العشوائي المتساوي من جميع الاقسام والبالغ (١٣٥) ذكورا واناثا، و من المرحلة الثالث و الرابع و من جميع الاقسام و لتحقيق اهداف البحث من وجهة نظر الطلاب انفسهم، كما تم بناء إستمارة الإستبيان، يتكون من (٣٥) فقرة، وتم عرضها على مجموعة من المختصين لمعرفة صدق الأداة ، وكانت المقياس صادقاً بمعدل(٨٥%). وأما معامل الثبات فكانت نسبته (٨٨%). و تم استخدام العديد من الوسائل الاحصائية منها معامل الإرتباط بيرسون، الوسط المرجح، الوزن المئوي. أضهرت نتائج البحث كالآتي: منها انه يوجد نقص في المواصفات المعرفية والمهنية والشخصية و الإجتماعية لدى أساتذة الجامعة حسب وجهة نظر الطلبة. وعلى ضوء النتائج تم بعض المقترحات و التوصيات.

وقد إستخدم الباحثان مجموعة من الصادر والمراجع المفيدة، ذات العلاقة بموضوع البحث الحالي.

***Abstract***

Education and the types of education enable the university to achieve the goals and objectives of the members, the staff of lecturers of the university education from the point of view of various students, the role of university lecturers in the modern education system as the Instructor has a key role in the process of education. The area of research is limited at Sulaimaniah University including College of Basic Education and College of Education for human Sciences- Said sadq in (2017-2018).

The method of research is descriptive , the total number is (1302), the sample included (135) students of both genders randomly from the departments of the College of Basic Education and the College of Education for human Sciences Sidesadeq / University of Sulaymaniyah both researchers used the questionnaire as a tool to collect data with the total dependence on the extraction (static average) ; synchronized with this made some recommendations (including the attention to all aspects of personality and psychological, social, experience ,scientific and educational) in the classes. Some suggestions have been accomplished.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.5

**١ – ١ كێشەی توێژینەوەكە:**

بەشێك لە خوێندكارانی زانكۆ گومان دەبەن لەوەی هەندێك لە مامۆستایانی زانكۆ بە شێوەیەكی باش و گونجاو بتوانن هەموو ئەو سیما وخەسڵەت و تایبەتمەندیانە كۆبكەنەوە كە پێویستە لە كەسایەتی مامۆستایەكی نمونەیی و سەركەوتووی زانكۆدا بوونی هەبێت، ئەمەش ئاراستەیەكی نەرێنی خوێندكاران دەربارەی مامۆستایان و دەستەی وانەبێژان دروست دەكات و دواجار كاریگەری خراپی دەبێت بۆ سەر ئاستی زانستی و ئەكادیمییان بە تایبەت لە وانەی ئەو مامۆستایانەدا كە خوێندكاران گلەییان لە شێواز و ئەدائیان هەیە، ئەوەی تێبینی دەكرێت لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا ئاستی زانستی خوێندكارانی زانكۆ وەك پێویست نیە و بەرەو دابەزین دەچێت و هەمیشە جێی مشت و مڕ بووە، كاتێكیش خوێنكاران دەدوێنیت بەشێك لە هۆكارەكان ئەگێڕنەوە بۆ مامۆستایان كە نەیانتوانیوە ئەو ئەرك و پەیامەی لەسەر شانیانە وەك پێویست بیگەیەنن، ئەوەش بە هۆی ئەوەی كە خەسڵەت و كەسێتی و ئاستی زانستیان لاوازە، بەشێك لە لێكۆڵینەوەكانی وەك ماحی و معمریە (٢٠٠٣) ، الغزیرات (٢٠٠٥) ، أشرف السعید (٢٠٠٧) ، گەیشتونەتە ئەو دەرەنجامەی كە خوێندكاران تێڕوانینێكی ئەرێنییان بەرامبەر مامۆستای زانكۆ نیە، هەر ئەمەش وای كرد كە ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدرێت تا ببێتە وەڵامێك بۆ پرسیاری سەرەكی توێتینەوەكە كە **ئایا كامانەن ئەو خەسڵەتە دیار و گرنگانەی مامۆستایانی زانكۆ كە لای خوێندكاران پەسەندكراون.؟**

**١ – ٢ گرنگی توێژینەوەكە:**

دامەزراوە فێركارییە زانكۆییەكان، لە رووی ئاستی زانستییەوە، هەمیشە لە لوتكەی هەرەمەكەدان ، چونكە زانكۆكان لە ئێستادا بەرپرسیارێتی زۆریان لە ئەستۆدایە، و پێویستە لەسەریان لە دنیای ئەمرۆدا، رۆڵێكی ئەرێنی و نوێ ببینن، لە كاتێكدا سەردەمی پێشكەوتن و خێراییە، لە سەرجەم كایەكان و پێشكەوتنە تەكنەلۆجییەكانیش هەمیشە لە گەشەسەندندنی بەردەوامدان.

زانكۆ بە شێوەیەك تەماشا دەكرێت كە دەستەبەری مافی هەر هاونیشتمانییەك دەكات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت سروشتی سەردەمەكە خۆی لە ناو خوێندنی زانكۆدا سەپاندووە و ئەم دامەزراوەیەی كردۆتە بوارێكی راستەقینە بۆ ئامادەكردنی تاكێكی گونجاو لە سەردەمی زانست و تەكنەلۆجیادا، ئەمڕۆش زانكۆ و ناوەندەكانی بونەتە سەرچاوەی پێشكەوتنی تەكنەلۆجیای هاوچەرخ. (عواشریە، ١٩٧٩:١٥)

تواناكانی زانكۆ لە روی ئاستی زانستی، ولایەنە جۆراوجۆرەكانییەوە بەهۆی دەستەی مامۆستایانەوە دەستەبەر دەكرێت، لەسەر ئەو بنەمایەی لە سیستمی فێركردنی هاوچەرخ و نوێ دا، رۆڵی مامۆستای زانكۆ تەنها پەیوەست ناكرێت بە بەشداریكردنی لە توێژینەوەكاندا، یاخود توانا و لێهاتوویەكانی لە پسپۆڕە تایبەتیەكەی خۆیدا وە تەنیا كورت ناكرێتەوە لە گەیاندنی زانیاری و بەجێهێنانی بەرپرسیاریەتەكانی بەرامبەر خوێندكارانی زانكۆ، بەڵكو تەواوی لایەنەكانی كەسایەتی، پلاندانان، هەلسەنگاندن و هیتر دەگرێتەوە. (غنیم و الیحیوی، ٢٠٠٤ : ١٢١)

هەر بۆ ئەم مەبەستە داوا لە مامۆستایانی زانكۆ دەكرێت، كە بتوانن بەشێوەیەكی باش ئامادەییان هەبێت و ببنە خاوەن كارامەیی پەروەردەیی و زانستی، هەروەها دەستنیشانكردن و دەستخستنە سەر ئامانجەكان بە ئەركی لە پێشینەی خۆیان بزانن، كە ئەوان لە پێناویدا وانەی بۆ دەڵێنەوە و مەبەستیانە لە وتنەوەی. ئەندامانی دەستەی وانەووتنەوە لە زانكۆدا رەگەزێكی چالاك و كاریگەرن لە بەدیهێنانی سێ ئەركی جیاواز، گرنگترینیان: ئەركەكانی فێركردن و ئەنجامدانی توێژینەوە و خزمەتكردنی زانكۆ و كۆمەڵگە، بۆ زانینی ئاستی بەدیهێنانی ئەم ئەركانەش لە واقعی زانستیدا، دامەزراوە فێركارییە باڵاكان هەستاون بە جێبە جێكردنی پراكتیكی بۆ دەستنیشانكردنی ئەدا و چالاكیەكانی ئەندامانی دەستەی فێركاری. زانكۆ. (الیبیتی، ١٩٩٣ : ٥)

بەوپێیەی رۆڵی مامۆستای زانكۆ بەرەوپێشچوونی بەخۆوە بینیوە، ئەوەش ئەركەكانی لە سیستمی نوێی زانكۆدا زیاتر كردوە، چونكە تەنها رۆڵەكەی لەوەدا خۆی نابینێتەوە كە بەشداریكردن بێت لە توێژینەوە و بوارەكانیدا، بەڵكو بەدەستهێنانی سەركەوتنە


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.5

له چەندین بواری وردبینیدا، هەروەها ئەو بەرپرسیاریەتە زانستیەی لە ئەستۆیدایە تەنها سنوردار نیە لە گەیاندنی کۆمەڵێك زانیاری دیاریکراو و گونجاو بە خوێندکارانی زانکۆ، بەڵکو دەبێت زانست و مەعریفە لە ڕێگەی تەکنەلۆجیاوە بەجۆرێك پێشکەشی خوێندکاران بکات، کە تێکەلاو بێت بە سەرجەم کایە و بوارەکانی ژیانی خوێندکار و ئەو ژینگە و کۆمەڵگەیەی پەیوەستە پێوەی، هاوکات دەبێت بڕوای وابێت وەك پەروەردەکار و باوك و ڕێنیشاندەر و ڕێنمایی کارێك بێت بۆ تەواوی خوێندکاران، هەر لەمەشەوە ئەوە دەخوازرێت کە خەسڵەتەکانی مامۆستای زانکۆ خاڵێکی گرنگە بۆ لێك نزیکبونەوەی تێڕوانینێکی پەروەردەیی و زانستی، چونکە لە کاتێکدا ئەو مامۆستایەی وانە دەڵێتەوە لە هۆڵی وانەوتنەوەدا بتوانێت شێوازی هاندان و شیرینکردنی بابەتی وانەکە بەکاربهێنێت و سیمای ئەو وانەیە بە زانیاری دەوڵەمەند بکات، بە شێوازێکی سەرکەوتوانە و لێهاتوویەکی گونجاو بگەیەنێتە خوێندکارەکانی، لە هەمان کاتدا بەستنەوەی بابەتە زانستییەکان بە واقعی ڕاستەوخۆی ژیانەوە، وە متمانەی هەبێت بە خۆی و خاوەن ڕەوشتی بەرز بێت، لەگەڵ ئەوانەشدا بەپێی پێویستی وانەکە هۆیەکانی ڕونکردنەوە بەکاربهێنێت، تەواوی ئەم خەسڵەتانە دەچنە چوارچێوەی ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییە بەرز و خوازراوانەی کە خوێندکارانی زانکۆ لایان پەسەندە و خوازیارن لەو مامۆستایانەدا هەبێت کە وانەیان پێ دەڵێنەوە، بۆ ئەوەی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لەرووی زانستییەوە ببێتە پرۆسەیەکی تەواوکراو و لێکدراو. ( الخبيله، ٢٠٠٠: ١١٠)

لێرەوە گرنگی ئەم توێژینەوەیە دەردەکەوێت بە ناسین و دەرخستنی کۆمەڵێك خەسڵەت و ڕەفتاری نمونەیی مامۆستای زانکۆ، ئاشنایەتی خوێندکار بەم خەسڵەتانە دەبنە سەرچاوەیەك بۆ گرتنەبەری بڕیارگەلێك کە ڕێگە خۆش دەکات بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردەیی و گەشەسەندنی خوێندنی زانکۆیی، هەروەها دەکرێت بڵێین ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ :

1. مامۆستایانی زانکۆ تاوەکو بەردەوام ئاگاداری تایبەتمەندێتی ئەو خوسڵەتانە بن کە پێویستە تیایاندا هەبێت.
2. تاوەکو مامۆستایانی زانکۆ شارەزای ئەو تێڕوانینەی خوێندکاران ببن کە هەیانە لە سەریان.
3. بۆ خوێندکارانی زانکۆ تاوەکو باشتر شارەزایی پەیدا بکەن دەربارەی لایەنی کەسێتی و زانستی مامۆستاکانیان.
4. بۆ وەزارەتی خوێندنی بالاّ و زانکۆکان و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی سەر بە خوێندنی بالاّ.
5. بۆ ناوەندەکانی توێژینەوە، بە تایبەت ناوەندەکانی توێژینەوەی زانکۆ و پەیمانگاکان.
6. بۆ هەموو ئەو ناوەند و ڕێکخراوە مەدەنی و پیشەییانەی گرنگی دەدەن بە زانکۆ و دامەزراوەکانی.
7. بۆ هەموو ئەو توێژەرانەی مەبەستیانە توێژینەوە دەربارەی ئەم بابەتە ئەنجام بدەن.

**١– ٣ ئامانجی توێژینەوەکە:**

بریتیە لە ناسینی خەسڵەت و تایبەتمەندییە جۆراوجۆرەکانی مامۆستای نمونەیی لە زانکۆدا لە تێڕوانینی خوێندکارانی کۆلێجە پەروەردەییەکانەوە، لە ڕێگەی وروژاندنی ئەم پرسیارەوە:

ئەو خەسڵەت و سیما پێویستیانە چین کە دەبێت مامۆستایەکی نمونەیی لە زانکۆدا پێی بناسرێتەوە.؟

**١– ٤ سنوری توێژینەوەکە:**

**سنوری بابەتی** : ناساندنی خەسڵەت و سیمای پێویست کە دەبێت مامۆستایەکی نمونەیی لە زانکۆدا پیٚ بناسرێتەوە.

**سنوری مرۆیی** : خوێندکارانی قۆناغی (٣) و (٤) ی بەشە زانستییەکانی هەردوو کۆلێجی (پەروەردەی بنەڕەتی) و (پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان/سەیدصادق) ی زانکۆی سلێمانی.

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**سنووری شوێن** : هەردوو کۆلێجی (پەروەردەی بنەڕەتی) و (پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان/سەیدصادق) ی زانکۆی سلێمانی.

**سنووری کات** : وەرزی یەکەمی خوێندنی ساڵی ٢٠١٧ ـ ٢٠١٨

**١ – ٥ پێناسەی چەمکەکان :**

**١ – ٥ – ١– خەسڵەت (الصفه):**

– عبدالخالق (١٩٨٧) : بەم شێوەیە پێناسەی دەکات کە: تایبەتمەندییەکە یان خەسڵەتێکی هەمیشەیی ڕێژەییە ئەشێ ڕای جیاوازی لەسەربێت. (عبدالخالق،١٩٨٧: ٢٧٢)

هەروەها عودە (١٩٩٣) : پێی وایە کە: کۆمەڵە رەفتارێکی پێکەوە گرێدراوە، کە دەخوازێت بەیەکەوە ڕووبدەن و ئەنجام بدرێن. (عودە،١٩٩٣:١١)

**پێناسەی ڕێکاری :**

کۆمەڵە رەفتارێکی چەسپاوی ڕێژەییە لە مامۆستای زانکۆدا، جا لەناو پۆل دا بێت یان لە دەرەوەی سیستمی دامەزراوەی زانکۆییدا، کە ئەوەش لەرێگەی راپرسییەکی دیاریکراوەوە پێوانەی بۆ دەکرێت.

**1- ٥ – ٢– نمونەیی(المپالی) :**

السهلاوی(١٩٩٢): مەبەست لەو هەڵسوکەوت و رەفتارانەن کە لە لایەن مامۆستای زانکۆوە ئەنجام دەدرێن و دەبنە جێگەی سەرنجی خوێندکاران و دەورووبەر. (السهلاوی ، ١٩٩٢ : ١٩)

هەروەها الغزیرات(٢٠٠٥): وا پێناسەی دەکات کە شێوە رەفتارێکی چاوەڕوانکراوە لە مامۆستای زانکۆدا بە پلەیەکی باڵا لە شارەزایی و بێ خەوشی و چاکی و نەرم ونیانی. (الغزیرات ، ٢٠٠٥ : ٢)

**پێناسەی ڕێکاری :**

بریتییە لە کۆمەڵێك تایبەتمەندی دیار کە پێویستە لە مامۆستایەکی نمونەییدا لە ناو ناوەندەکانی خوێندندا بەرچاو بکەون لەوانە: بڕوا بەخۆبوون، هێز و توانای کەسایەتی، مامەڵەی جوان و دروست، نەرم و نیانی و زاڵبوون بەسەر هەڵچوونەکانیدا، بەردەوام خۆ پڕچەککردن بە توانای زانستی، ڕێزگرتن لە بیروڕای خوێندکاران و پەیڕەوکردنی دادپەروەری و چەندانی تر.

**٢– لێکۆڵینەوەکانی پێشوو**

هەردوو توێژەر کاریان لەسەر چەند توێژینەوەیەکی پێشتر کردوە کە پەیوەندیدارن بەم توێژینەوەیەوە لەوانە:

**٢–٢– ١ توێژینەوەی عیسوی (١٩٨٤):**

ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان لەلایەن خوێندکارانەوەجێبەجێکراوە، ئامانج لە توێژینەوەکە ناسینی مامۆستایەکی خۆشەویست و خاوەن توانای جۆراوجۆرە لە تێڕوانینی خوێندکارانی زانکۆی ئەسکەندەریەو بەیروتەوە، توێژەر پشتی بە ئامرازی راپرسی بەستووە و هەر بەهۆی ئەم ئامرازەشەوە توێژینەوەکە گەیشتووە بەو دەرەنجامەی کە زۆرینەی خوێندکاران دوپاتی دەکەنەوە کە پێویستە مامۆستای زانکۆ چەند سیمایەکی خۆی هەبێت و پێی بناسرێتەوە، کە گرنگترینیان بریتین لە: بوونی کەسایەتیەکی بەهێز، رێکپۆشی و لایەنی رواڵەتی، رەوشت بەرزی و رەفتاری باش، مامەڵەکردنی دروست، راستگۆیی و ڕێزگرتن لە کات و پابەندبوون بە چارەسەرکردنی کێشەی خوێندکاران و لێبوردەیی. (عیسوی،١٩٨٤: ١٢٥– ١٣٦)

**٢–٢–٢ توێژینەوەی خلیفە و محمود (١٩٩٢):**


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.5

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە تیشك خستنەسەر تێڕوانینی خوێندكارە لەسەر خەسڵەتەكانی مامۆستای زانكۆ، دەربارەی تواناكانی لە پرۆسەی پەروەردە و فێركردندا، ئەم توێژینەویە لەسەر نمونەیەك جێبەجێ كراوە كە پێك هاتووە لە (٤٠) پشكنراو لە كۆلێژی ئاداب لە زانكۆی قاهیرە و ئەلمەنیا لە قۆناغەكانی دووەم و سێیەم وچوارەم لە هەریەك لە بەشەكانی كۆمەڵناسی و جوگرافیا و دەروونناسی، لە پێناو هێنانەدی ئامانجی لێكۆڵینەوەكەدا.

دەرەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوە نیشان دەدات كە بە ئەندازەیەكی بەرچاو خوێندكارانی كوڕ و خوێندكارانی كچ هەردوو لایان هاوڕان لەسەر(٢٣) خەسڵەت و تایبەتمەندی لە نێوان ئەو تایبەتمەندیانەی مامۆستای زانكۆی پێ وەصف دەكرێت و دەناسرێتەوە، جیوازییەكانیش لەسەر هەندێك خەسڵەت بەشێكی لە بەرژەوەندی خوێندكارە كوڕەكانە و بەشێكی تری لە بەرژەوەندی خوێندكارە كچەكانە.

لە كۆتاییدا ئەنجامی شیكردنەوەی زانستی بە پلەی یەكەم دەریخست(٨) هۆكار هەیە كە خوێندكاران بە پێویستی دەزانن بونی هەبێت لە لە مامۆستای زانكۆدا، ئەو هۆكارانەش بریتین لە: كەسایەتی سەرنج ڕاكێش، توانای گفتوگۆ كردن و بڕواپێهێنان و لێهاتوویی و ڕێزگرتن لە یاسا و پابەندبوون بە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان و شارەزایی و بەرچاوڕوونی لەجێبەجێكردنی ئەركەكانی سەرشانیدا، هەروەها تایبەتمەندێتی روخسار و ڕێكپۆشی و ڕواڵەت لە ناو ئەنجامی لێكۆڵینەوەكەدا بوو، هەروەها لە گرنگترین ئەو رەفتارانەی چ خوێندكارانی كوڕ و چ خوێندكارانی كچ پێیان باشە لە مامۆستای زانكۆدا بوونی هەبێت بریتییە لە: ڕێك و پێك و خاوەن كەسایەتی بەرز بێت، بەتوانا بێت لە ڕازی كردنی ئەوانی تر، پسپۆڕ بێت لە بوارەكەیدا و خاوەنی نەرم و نیانی بێت لە مامەڵەكردندا . (خلیفە و محمود،١٩٩٢: ٢١٥)

**٢-٢-٣ توێژینەوەی عبد ربە و ادیبی (١٩٩٤):**

ئامانجی ئەم توێژیینەوەیە دەستنیشانكردنی خەسڵەتەكانی كەسایەتی و پیشەیی مامۆستای زانكۆیە، توێژەر هەوڵی داوە تێبینی و دەلالەتی جیاواز(دلالە الفروق) دەربخات لە نێوان هەردوو رەگەزدا لە نێو كۆلێجدا، كە ئەو خوێندكارانە لەخۆدەگرێت لە دیاریكردنی ئەو خەسڵەتانەدا وە گرنگی ڕێژەیی، ئامرازی توێژینەوەكە فۆرمی ڕاپرسی بووە كە پێك دێت لە (٥٣) برگەی دابەشكراو بەسەر چوار بوار یان كۆمەڵە لە خەسڵەتەكان ئەوانیش سیمای كەسایەتی و تێكەڵاوبوونی كۆمەڵایەتی، پێشەنگی لە بەخشندەیی، بنەمای ئەكادیمی وانەبێژی، ئەم ڕاپرسییەش لەسەر(٦٧٤) خوێندكار لە هەردوو رەگەزی نێر و مێ جێبەجێ كراوە. ئەنجامی توێژینەوەكە گەیشتووە بەوەی كە مامۆستای زانكۆ دەبێت بە كۆمەڵێك خەسڵەتی تایبەتمەندا گوزەر بكات لە ناویاندا باوەڕبەخۆبوون و كەسایەتی بەهێز و لەسەرخۆیی و هاوسەنگی لە هەڵچوونەكانیدا، نەرم و نیانی لە بیركردنەوە و توانای لە بەرپرسیارێتیدا، زەردەخەنە و ڕوخۆشی، هاوكاری كەسانی تر و مامەڵەكردن لەگەڵ كەسانی تردا لەسەر بنەمایەكی دیموكراتیانە و ڕێزگرتن لە هەست و سۆزی خوێندكاران...هتد سەبارەت بەو خەسڵەتانەش كە پێویستە وانەبێژ دوور بێت لێیان توندوتیژی و پێداگیری و سووربوون لەسەر بیروباوەڕێكی دیاریكراوی خۆی و نەگەڕانەوە لێی، گەورەكردنی كێشە لەسەر خوێندكار و دەركردنی بڕیارەكان بێ گەڕانەوە بۆ خوێندكار و دەرچوون لە بابەتی وانە. (عبد ربە و أدیبی ،١٩٩٤: ٩٧، ١٣٥)

**٢-٢-٤ توێژینەوەی الّسمر (٢٠٠٥):**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ڕادەی توانا و ئاستی لێهاتوویی دەستەی مامۆستایان بوو لە زانكۆی أم القری، لە تێڕوانینی (٧٣٥) خوێندكاری كوڕ و كچی هەمان زانكۆوە، توێژەر پێوەرێكی (٦٢) برگەیی دابەش كرد بەسەر نموونەی توێژینەوەكەدا، كە خۆی لە چوار تەوەری سەرەكی دەبینییەوە: كەسایەتی، وانەووتنەوە، بەڕێوەبردنی پۆل، هەڵسەنگاندن. لە كۆتاییدا توێژینەوەكە

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە ئەندامانی دەستەی وانەبێژ لە هەر چوار تەوەرەکەدا ئاستی گەیاندن و لێهاتوویەکانییان لە پلەیەکی ناوەند دایە، لەگەڵ بوونی جیاوازی رای خوێندکارانی هەریەك لە کۆلێجەکانی زانکۆکە لە هەلسەنگاندنی مامۆستاکانیاندا. (الآسمر، ٢٠٠٥: ١٣١)

**٢-٢-٥ توێژینەوەی اشرف (٢٠٠٧):**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی دۆخی چۆنایەتی و باشی یە لە کۆلێجەکانی پەروەردە، لە تێڕوانینی خوێندکارەکانییەوە، نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (١٢٧٢) خوێندکاری بەکالۆریۆس و لیسانس، لە زانکۆکانی میصر. ئامرازی راپرسی بەسەر نمونەی توێژینەوەکەدا جێبەجێکرا، دەردەنجام ئەوەی دەرخست کە ئەدای فێرکاری مامۆستایان لە ئاستێکی نزم دایە بە شێوەیەکی گشتی، بە تایبەتی لە مامەڵەکردنیان لە گەڵ خوێندکاراندا، هەروەها لە تواناکانیان بۆ بەیەکەوە بەستنی هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی بابەتەکانی پرۆگرام – رەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی، تواناکانیان لە بەکارهێنانی ئامرازە تەکنەلۆجیە فێرکارییەکان، هاندانی خوێندکاران بۆ فێربوونی زیاتر، تواناکانییان لە بەکارهێنانی کات و دابەشکرردنی بە شێوەیەکی گونجاو، پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ خوێندکاران و ئاراستەکردنیان، لە کاتێکدا بڕگەکانی ئامادەبوون لە کاتی وانەووتنەوەدا و ئاست و توانای زانستی دەربارەی بابەتی وانەکە و ئاستی ئامادەکاری و رێکخستن و قبوڵکردنی گفتووگۆ و راگۆڕینەوە رێژەیەکی قبوڵکراوبوو. (اشرف،٢٠٠٧: ٢٨٨)

## ٣- ١ پرۆگرامی توێژینەوە :

بۆ سەرکەوتن و بەدیهینانی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە وا پێویست بوو یەکێك لە جۆرەکانی میتۆدی توێژینەوەی زانستی بەکاربهێنین, بۆئەوەی لەگەڵ سروشتی بابەتەکە و توێژینەوەکە شیاو بێت, بۆ ئەومەبەستەش میتۆتی وەصفی و ڕوپێویمان بەکارهێنا. ئەوەش بەپێی سروشتی بابەتی توێژینەوەکە و ئامانجەکەی.

### ٣-٢ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگای توێژینەوە ,مەبەست لێی کۆمەڵێکی گشتی یە کەتوێژەر لێرەدا هەوڵی بلاو کردنەوەی ئەنجامەکانی دەدات ,کە پەیوەستە بە ئاستەنگەکانەوە (ملحم,٢٠٠٠: ٢٧) کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتی بوو لە سەرجەم خوێندکارانی قۆناغی سێیەم و چوارەم لە تەواوی بەشەکانی هەردوو کۆلێژی (پەرەوەردەی بنەڕەتی) و (پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان/سەیدصادق) ی زانکۆی سلێمانی، لەسەر ئەو بنەمایەی ئەو دوو قۆناغە باشتر دەتوانن هەڵسەنگاندن بۆ مامۆستاکانیان بکەن، کەخۆیان لە (٩) بەشدا دەبینیەوە، بۆساڵی خوێندنی (٢٠١٧- ٢٠١٨) کە ژمارەی خوێندکارەکانیان بریتی بوون لە (١٣٠٢) خوێندکار لەم ژمارەیە (٤٨٦) خوێندکاریان لە رەگەزی نێر و وە(٨١٦) خوێندکاریان لە رەگەزی مێ، وەك لە خشتەی (١) دا روونکراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە (١)**

**کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە خوێندکارانی قۆناغەکانی سێیەم و چوارەم لە تەواوی بەشەکانی هەردوو کۆلێژی (پەرەوەردەی بنەڕەتی) و (پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان/سەیدصادق) ی زانکۆی سلێمانی**


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.5

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

| ز | بەشەکانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی | قۆناغی سێیەم | | قۆناغی چوارەم | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ن | م | ن | م | |
| ١ | زانستە کۆمەڵایەتییەکان | ٥١ | ٥٢ | ٢٧ | ٤٥ | ١٧٥ |
| ٢ | زانستی کۆمپیوتەر | ٣٠ | ٥٦ | ٢٥ | ٤٦ | ١٥٧ |
| ٣ | زانستی ماتماتیك | ٥٣ | ٣٧ | ٢٥ | ٤٩ | ١٦٤ |
| ٤ | زمانی ئینگلیزی | ٣٥ | ٧٨ | ٢٦ | ٦٨ | ٢٠٧ |
| ٥ | زمانی کوردی | ٣٣ | ٣٠ | ٣٢ | ٣٦ | ١٣١ |
| ٦ | پەروەردەی هونەری | ٣١ | ٢٥ | ٢٤ | ٣٥ | ١١٥ |
| ٧ | باخچەی ساوایان | – | ٦٨ | – | ٦٢ | ١٣٠ |
| ز | بەشــەکانی کۆلێژی پەروەردەی زانســتە مرۆڤایەتییەکان/سەیدصادق | قۆناغی سێیەم | | قۆناغی چوارەم | | |
| | | ن | م | ن | م | |
| ١ | مێژوو | ٣١ | ٢٠ | ١٦ | ٣٧ | ١٠٤ |
| ٢ | جوگرافیا | ٢٥ | ٣٨ | ٢٢ | ٣٤ | ١١٩ |
| | کۆی گشتی | ٢٨٩ | ٤٠٤ | ١٩٧ | ٤١٢ | ١٣٠٢ |

٣-٢ نمونەی توێژینەوەکە :

نمونە یان سامپڵی توێژینەوە واپێناسە ئەکرێت بەشێکە لەوکۆمەڵگایەی کە توێژینەوەی لەسەردەکرێت,کەدەست نیشان دەکرێت لەسەر کۆمەڵێك بنەمای تایبەت بۆئەوەی نوینەرایەتی ڕاستی و دروستی کۆمەڵگا بکات (داود و عبدالرحمن١٩٩٠: ٦٧).نمونەی توێژینەوەکە پێك دێت لە خوێندکارانی هەردوو قۆناغی سێیەم و چوارەم لە تەواوی بەشەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بە شێوەیەك نمونە بنەڕەتییەکە گەیشتە (١٣٥) خوێندکار لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ کە بۆ هەر بەشە و (١٥) خوێندکاری بەشێوەی هەڕەمەکی چین (توێژ) لێ هەڵبژێردراوە، چونکە کومەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە چەند چینێك بە پێی قۆناغەکانی خوێندن. ، وەك لە خشتەی (٢) دا روونکراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە (٢)**

**نمونەی توێژینەوەکە**

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

| ز | بەشەکانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی | قۆناغی سێیەم | | قۆناغی چوارەم | | کـــــۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ن | م | ن | م | |
| ١ | زانستە کۆمەڵایەتییەکان | ٤ | ٣ | ٤ | ٤ | ١٥ |
| ٢ | زانستی کۆمپیوتەر | ٤ | ٤ | ٤ | ٣ | ١٥ |
| ٣ | زانستی ماتماتیك | ٣ | ٤ | ٤ | ٤ | ١٥ |
| ٤ | زمانی ئینگلیزی | ٤ | ٤ | ٣ | ٤ | ١٥ |
| ٥ | زمانی کوردی | ٤ | ٣ | ٤ | ٤ | ١٥ |
| ٦ | پەروەردەی هونەری | ٤ | ٤ | ٤ | ٣ | ١٥ |
| ٧ | باخچەی ساوایان | – | ٧ | – | ٨ | ١٥ |
| ز | بەشـــەکانی کۆلێژی پەروەردەی زانســـتە مرۆڤایەتییەکان/سەیدصادق | قۆناغی سێیەم | | قۆناغی چوارەم | | |
| | | ن | م | ن | م | |
| ١ | مێژوو | ٤ | ٣ | ٤ | ٤ | ١٥ |
| ٢ | جوگرافیا | ٤ | ٣ | ٤ | ٤ | ١٥ |
| | کۆی گشتی | ٣١ | ٣٥ | ٣١ | ٣٨ | ١٣٥ |

**٣-٣ ئامرازی توێژینەوەکە :**

بە مەبەســتی کۆکردنەوەی زانیاری هەردوو توێژەر پشــتیان بەســتوە بە بەکارهێنانی ئامرازی ڕاپرســی کە بە چــەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە کە بریتییە لەمانەی خوارەوە:

**٣-٣-١ ئامادەکردنی ئامرازەکە:**

أ. لێکۆلینەوەی ســـەرەتایی : هەردوو توێژەر هەســـتان بە ئاراســـتەکردنی ڕاپرســـییەکی ســـەرەتایی بۆ خوێندکارانی هەریەك لە بەشەکانی هەردوو کۆلێژی (پەروەردەی بنەڕەتی) و (پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان/سەیدصادق) ی زانکۆی سلێمانی، ئامانج لەم ڕاپرســـییە پێداگری کردن بوو لە ســـەر زۆرترین ژمارە لە بڕگەکانی تایبەت بە خەســـڵەتە جۆراوجۆرەکانی مامۆســـتای زانکۆ لە


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.5

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

تێڕوانینی ئەواندا، ژمارەی نمونە سەرەتاییەکەش بریتی بوو لە (٤٠) خوێندکار لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ کەوا پرسیاری کراوەیان ئاراستە کرابوو کە داوایان لێکرابوو خەسڵەتە گرنگ و پەسەندەکانی مامۆستای زانکۆ باس بکەن لە تێڕوانینی خۆیانەوە.

ب. لە دوای دەستکەوتن و گەڕاندنەوەی وەڵامەکانی ئەو خوێندکارانەی بەشدارییان کردبوو لە نمونە سەرەتاییەکەدا، هەردوو توێژەر دەستیان کرد بە راڤەکردنی وەڵامەکان و وە بە پشت بەستن بەسەرچاوەی جۆراوجۆر و لەوانە چەند توێژینەوەیەکی نزیك لە بابەتی ئەم توێژینەوەیە هەستان بە ئامادەکردنی ڕاپرسیەکی داخراو کە لە (٣٥) برگە پێك هاتبوو کە تایبەت بوون بە خەسڵەتە پەسەندەکانی مامۆستایەکی نموونەیی لە ناوەندەکانی زانکۆدا لە تێڕوانینی خوێندکارانەوە.

### ٣-٣-٢ ڕاستگۆیی ئامرازەکە:

راستی و دروستی هەر ئامرازێك مەبەست لێی ئەوەیە، ئەو ئامرازە تا چەند توانای پێوانەکردنی ئەو تایبەتمەندیە یان ئەو دیاردەیەی هەبێت کە لە پێناویدا دارێژراوە (الجلبی،٢٠٠٥: ٨٤)، بەمەبەستی دڵنیابوون لەگونجاوی ئامرازەکان و دەست نیشانکردنی و راستی و درووستی برگەکان , ڕاپرسیەکەمان خستە بەردەست ژمارەیەك لە شارەزایانی بواری پەروەردە و کۆمەڵناسی و دەروونزانی و ڕێگاکانی وانەووتنەوە کە ژمارەیان (٩) شارەزا بوو, داوایان لێکرا لەرێگەی شارەزایی و پسپوری خۆیانەوە بیروڕای خۆیان سەبارەت بە برگەکانی ڕاپرسیەکە دەربڕن، وە هەر گۆڕانکاریەك کە بە پێویستی دەزانن ئەنجامی بدەن.دوای گەرانەوەی فۆرمەکان لای شارەزایان کە بۆچونیان وەرگیرابوو لەسەر برگەکانی ئامرازەکە کە لە (٣٥) برگە پێك هاتبوون وە دوای دارشتنەوە و ئاوێتەکردنی هەندێك لە برگەکان و بوونی هەندێك تێبینی بەمەبەستی چاکسازی کردن ودەوڵەمەندکردنیان ، وە وەك سەنگێك بۆ قبوڵکردن یان رەتکردنەوەی برگەکانی ڕاپرسیەکە دەرکەوت لە کۆی(٩) شارەزا ( ٧) یان رەزامەندیان لەسەر برگەکان دەربڕیوە، کە ئەمەش وای کرد کە کۆی برگەکان جێگیر بکرێن, کە پێکهاتبوون لە (٣) رەهەند ( شیاو , نەشیاو , راستکردنەوە) , بەم شێوەیە ڕاستگۆیی دەرەکی بۆ ڕاپرسیەکە ئەنجامدرا تێکرای (٨٥٪) کرا بە پێوەر بۆپەسەند کردنی هەرتەوەرێك بەلایەنی کەمەوە.

### ٣-٣-٣ جێگیری ئامرازەکە:

مەبەست لە نەگۆری یان جێگیری ئامرازەکە ئەوەیە کەپێویستە ئەنجامەکە نەگۆڕبێت و هەمان ئەنجام بدات بەدەستەوە لەکاتی جی بەجێکردنی ئامرازەکە دا (علام٢٠٠٦: ٢٥)، بەمەبەستی دەستنیشانکردن و جێگیرکردنی ئامرازەکە لە رێگەی بەکارهێنانی شێوازی دووبارە جێبەجێکردن (test-re – test) ڕاپرسیەکەمان دابەش کرد بەسەر سامپڵێك لە خوێندکارانی ئەو بەشانەی کە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا ناویان هاتووە بەدەر لە سامپڵە سەرەکییەکە کە ژمارەیان لە (١٠) خوێندکار بوو لەبەرواری ٢٠١٧/١١/١ لەجاری یەکەمدا وە دووبارکردنەوەی بەسەرهەمان سامپڵدا بەبێ ئەوەی ئاگادار بکرێنەوە لەبەرواری ٢٠١٧/١١/١٥ بە هۆی بەکارهێنانی هاوکێشەی پێرسۆن و پاش دەرهێنانی (معامل الإرتباگ) دەرکەوت کەرێژەی جێگیری لە نێوان جێبەجێکردنی یەکەم و دووەمدا گەیشتە (٨٨٪) کە ڕێژەیەکی گونجاوە، بەوەش ڕاپرسیەکە ئامادەیە بۆ جێبەجێکردنی کۆتایی لەسەر نمونەی توێژینەوەکە.

### ٣- ٤ جێبەجێکردنی ئامرازەکە:

پاش دڵنیا بوون لە نەگۆری ئامرازەکە و روونی برگەکانی هەردوو توێژەر ئامرازی توێژینەوەکەیان بە شێوەی کۆتایی بەسەر نمونەی توێژینەوەکەدا دابەشکرد کە پێکهاتبوو لە (١٣٥) خوێندکار لە قۆناغەکانی سێیەم و چوارەم لە تەواوی بەشەکانی

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

هەردوو کۆلێژی (پەروەردەی بنەڕەتی) و (پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان/سەیدصادق) ی زانکۆی سلێمانی کەخۆیان لە (٩) بەشدا دەبیننەوە، بۆساڵی خوێندنی (٢٠١٧– ٢٠١٨)، دوای ئەوە کاتی تەواو درا بە خوێندکاران ، بۆیە لەماوەی (٢) هەفتەدا کە دەکاتە (٣– ٢٠١٧/١٢/١٧) فۆرمەکان دابەشــکران و دواتریش دەســتکرا بە کۆکردنەوەیان و شــیکرنەوەیان بە پێی هەریەك لەم خەسـڵەتانە (خەسـڵەتێکە هەمیشـە پەسـەندە و خەسـڵەتێکە هەندێك جار پەسـەندە و خەسـڵەتێکە بەدەگمەن پەسـەندە) کە لە ڕاپرسییەکەدا دەستنیشان کرابوو، بە مەبەستی دەرهێنانی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە.

**٣– ٥ ئامرازەکانی ئامارکردن:**

هەردوو توێژەر سودیان لەم هاوکێشە ئاماریانە وەرگرت بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەکە:

٣–٥–١: **هاوکێشەی پیرسون:–** بەکارهێنرا بۆ ئامارکردنی ئامرازی توێژینەوەکە، بە ڕێگای دوبارەکردنەوەی ئامرازەکە.

$$Rxy \quad \frac{n\sum xiY_i - \sum xi \sum Y_i}{\sqrt{[n\sum x_i^2 - (\sum xi)^2][n\sum y_i^2 - (\sum y_i)^2]}}$$

(Ferguson, 1981:113)

٣–٥–٢: **ناوەندی شیاو:–**

بۆ شیکردنەوەی هەر برگەیەك لەبرگەکانی ئامرازی توێژینەوەکە وە بۆ زانینی بەهای هەر برگەیەك لە خەسڵەتە پەسەندەکانی مامۆسـتایەکی نمونەیی لە زانکۆدا وە ڕیکخسـتنیان بە گوێرەی وەڵامدانەوەی نمونەی توێژینەوەکە و ڕاڤەکردنی ئەنجامەکان، ئەم یاسایە بەکارهێنراوە:

$$\text{ناوەندی شیاو} = \frac{\text{١×ت٣ + ٢× ت٢ + ٣× ت١}}{\text{مج ت}}$$

(صبری،٢٠٠٦: ١٠٦)

٣–٥–٣: **کێشی سەدی:–**

$$\text{کێشی سەدی} = \frac{\text{ناوەندی شیاو}}{\text{بەرزترین نمرە}} \times \text{١٠٠}$$

(علام،٢٠٠٦: ٣٣)

**٤– ١ شیکردنەوەی دەرەنجامەکان :**

لەم بەشەدا دەرەنجامی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو کەوا هەردوو توێژەر پێی گەیشتوون لەبەر ڕۆشنایی ئامانجی توێژینەوەکە

**ڕێگای شیکردنەوەی دەرەنجامەکان :**

1. توێژەران هەســتان بە ئەژمارکردنی وەڵامە دوبارەکان بۆ هەر برگەیەك لە بەر ڕۆشــنایی پێوەرە ســێ ڕەهەندیەکە کەوا دانرابوو ئەوانیش:

" خەسڵەتێکە هەمیشە پەسەندە، خەسڵەتێکە هەندێك جار پەسەندە، خەسڵەتێکە بە دەگمەن پەسەندە"

٢. سێ نرخ بۆ ڕەهەندەکان دانراوە بۆ هەر یەکێك لەوان بەم شێوەیە:


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.5

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

- – خەسڵەتێکە هەمیشە پەسەندە = ٣ نمرە
- – خەسڵەتێکە هەندێك جار پەسەندە = ٢ نمرە
- – خەسڵەتێکە بە دەگمەن پەسەندە = ١ نمرە

٣. هەردوو توێژەر برگەکانی راپرسیەکەیان بە شێوەی (تنازلی) واتە لە بەرزەوە بۆ نزم رێکخستووە، بەپێی بەهای ناوەندی شیاو.

4. ئەژماردنی ناوەندی ژمێریی نمرەکان لە پێوەرە سیانیەکە کە دەکاتە (٢) پێوەرێکە مەبەست لێی بۆ جیاکردنەوەی لایەنە بەهێز و لاوازەکانی خەسڵەتە پەسەندەکان.

5. ئەو برگانەی ناوەندی شیاویان لە (٢) زیاتر بێت پێویست بە شیکردنەوە ناکات، بەلاَم ئەو برگانەی ناوەندی شیاویان لە (٢) کەمترە وا پێویست دەکات شیبکرێنەوە

**خشتەی ژمارە (٣)**

**ناوەندی شیاو و کێشی سەدی و پلەبەندی هەریەك لە برگەکان روون دەکاتەوە**

| ژمارەی برگەکان بە پێی راپرسیەکە | برگەکان | پلە بەندی بەپێی ناوەندی شیاو | خەسڵەتێکە هەمیشە پەسەندە | خەسڵەتێکە هەندێك جار پەسەندە | خەسڵەتێکە بەدەگمەن پەسەندە | کۆی گشتی | نا وە ندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | خاوەنی ڕوەشت و کەسایەتییەکی بەرزبێت | 1 | 134 | 1 | - | 135 | 2.99 | 99. 6 |
| 19 | رێزی کەسێتی خوێنکار بگرێت . | 2 | 133 | 2 | - | 135 | 2.98 | 99.3 |
| 34 | یارمەتیدەربێت لە چارەسەرکردنی کێشەی خوێندکاران و خاوەنی لێبوردەیی بێت | 3 | 132 | 2 | 1 | 135 | 2.97 | 99 |
| 14 | لەگەڵ خوێندکاران دادپەروەرانە و بەیەکسانی هەڵسوکەوت بکات و هەست و سۆزیان رابگرێت. | 4 | 130 | 5 | - | 135 | 2.96 | 98.6 |
| 21 | خاوەن دەنگێکی بیستراو بێت و رەوانبێژ و زمان پاراو بێت لە کاتی وانەوتنەوەدا | 5 | 132 | 3 | - | 135 | 2.97 | 98. 5 |
| 3 | توانایەکی ئاست بەرزی هەبێت لە گەیاندنی زانیاریەکان | 6 | 129 | 6 | - | 135 | 2.95 | 98. 3 |
| 18 | کەسێکی خۆشەویست بێت و هانی قبوڵکردنی یەکتری بدات. | 7.5 | 127 | 8 | - | 135 | 2.94 | 98 |


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.5

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2 | لە پسپۆری خۆیدا کارامە و لێهاتوو بێت. | 7.5 | 128 | 6 | 1 | 135 | 2.94 | 98 |
| 30 | ژینگەیەکی فێرکاری گونجاو بسازێنێت تا خوێندکار رۆڵی ه لە دۆزینەوەی زانیاریەکان | 9 | 127 | 7 | 1 | 135 | 2.93 | 97. 6 |
| 25 | خاوەن بەهای کۆمەڵایەتی بەرزبێت | 10 | 125 | 10 | - | 135 | 2.92 | 97.3 |
| 4 | متمانەی بەخۆی هەبێت لە گەیاندنی پەیامەکەیدا | 11 | 124 | 11 | - | 135 | 2.91 | 97 |
| 27 | توانای کۆنترۆڵکردنی پۆلی بە باشی هەبێت | 12 | 126 | 5 | 4 | 135 | 2.90 | 96.6 |
| 6 | پەیوەندی و مامەڵەی لەگەڵ خوێندکاراندا لە ئاستێکی باشدا بێت | 13 | 126 | 4 | 5 | 135 | 2.89 | 96.3 |
| 31 | لەسەرخۆ بێ و هاوسەنگی رابگرێت لە هەڵچوونەکانیدا | 14 | 125 | 5 | 5 | 135 | 2.88 | 96 |
| 23 | وەلامی پرسیارەکانی خوێندکاران بداتەوە. | 15 | 120 | 13 | 2 | 135 | 2.87 | 95. 6 |
| 26 | کاربکات بۆ گەشەپێدانی هەستی خۆشەویستی لە نێوان خو | 16 | 120 | 12 | 3 | 135 | 2.86 | 95.3 |
| 32 | خاوەنی شارەزایی و دەوڵەمەندی بێت دەربارەی بابەتە پسپۆری و زانستیەکەی | 17 | 120 | 11 | 4 | 135 | 2.85 | 95 |
| 28 | بابەتەکان وەك پێویستیەکی سەردەم و گرنگ بخاتە روو | 18 | 120 | 9 | 6 | 135 | 2.84 | 94.6 |
| 9 | ڕێگا خۆشبکات بۆ گفتووگۆی زانستیانە و بنیاتنەرانە لە ناو خوێندکاراندا | 19 | 115 | 18 | 2 | 135 | 2.83 | 94. 3 |
| 35 | توانای بەدواداگەڕان و نوێکردنەوەی زانیاری هەبێت | 20 | 120 | 7 | 8 | 135 | 2.82 | 94 |
| 12 | بە سنگ فراوانیەوە تێبینی و بۆچوونی خوێندکارەکانی لەبەرچاو بگرێت | 21 | 110 | 24 | 1 | 135 | 2.80 | 93.3 |
| 29 | لە پێشکەشکردنی بابەتەکەیدا پشت بە سەرچاوەی ڕەسەن و ببەستێت | 22 | 111 | 20 | 4 | 135 | 2.79 | 93 |
| 24 | رەچاوی باردۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی خوێندکاربکات | 23 | 118 | 5 | 12 | 135 | 2.78 | 92.6 |


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.5

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص:١٢٥-١٤١
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 13 | بابەتیانە و زانستـــیانە مامەڵە بکات لە هەڵســـەنگاندنی خوێنکاران. | 24 | 112 | 15 | 8 | 135 | 2.77 | 92. 3 |
| 22 | گرنگی بدات بە هونەر و لێهاتووییەکانی وانەوتنەوە | 25 | 102 | 33 | - | 135 | 2.75 | 91.6 |
| 11 | توانای بەکارهێنانی هۆکارە نوێیەکانی فێرکردنی هەبێت بەشێوەیەکی باش. | 26 | 101 | 30 | 4 | 135 | 2.71 | 90. 3 |
| 7 | ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی بکات لە نێوان خویندکاران دا | 27 | 100 | 30 | 5 | 135 | 2.70 | 90 |
| 17 | هاندەربێت بۆ توێژینە وە و لێکۆڵینەوەی زانستی. | 28 | 92 | 40 | 3 | 135 | 2.65 | 88.3 |
| 10 | ئاشنابێت بەڕێگا و شێوازە نوێیەکانی وانەوتنەوە | 29 | 85 | 45 | 5 | 135 | 2.59 | 86. 3 |
| 15 | گرنگی بدات بە تەندروستی خۆی | 30 | 37 | 58 | 40 | 135 | 1.97 | 65.6 |
| 5 | ناوەڕۆکی بابەتەکەی ببەستێتەوە بە ژینگە و ژیانی فێرخوان | 31 | 25 | 80 | 30 | 135 | 1.96 | 65.3 |
| 8 | هەڵس وکەوتی لە ئاستی پێگە و پیشەکەیدا بێت. | 32 | 25 | 78 | 32 | 135 | 1.94 | 64.6 |
| 16 | پابەندبێت بە یاسا و ڕێنماییەکانی زانکۆ | 33 | 25 | 73 | 37 | 135 | 1.91 | 63.6 |
| 20 | چارەسـەری کێشـەکانی ناو هۆڵی خوێندن بکات بە نەرم و نیانی. | 34 | 17 | 78 | 40 | 135 | 1.82 | 60.6 |
| 33 | ڕێك پۆش بێت و گرنگی بدات بە ڕواڵەتی خۆی. | 35 | 33 | 32 | 70 | 135 | 1.72 | 57. 3 |

بۆ شـــیکردنەوەی ئەنجامەکان بەپێی ئامانجی توێژینەوەکە کە بریتییە لە ناســـینی تایبەتمەندییە جۆراوجۆرەکانی مامۆســـتای نمونەیی لە ناوەندەکانی زانکۆدا، ڕاپرســـیەکە بریتی بوو لە (٣٥) برگە، هەموو ئەو برگانەی کە ناوەندی شـــیاویان لە (٢) بەرەو سەرەوەیە پێویست ناکات کە شیکردنەوەیان بۆ بکرێت کە تایبەتمەندییەکانی مامۆستای نموونەییان پێکاوە.

بەڵام ئەو برگانەی کە بە شـێوەی ڕیزبەندی هاتوون و ناوەندی شـیاویان لە (٢) کەمترە، پێویسـت دەکات شـیبکرێنەوە و گرنگییان پێ بدرێت وەکو ئەم برگانە:

بە نسـبەت برگەی (١٥) کە ئەمە دەقەکەیەتی (بایەخدان بە دروسـتی دەروونی) کە ڕیزبەندی (٣٠) یە، ناوەندی شـیاوی دەکاتە (1.97)خشـتەی ژمارە (١) بە ڕو بۆچوونی هەردوو توێژەر هۆی ئەو برگەیە دەگەڕێننەوە بۆ لاوازی مامۆستا دەربارەی پەروەردە و دەروونناسـی کە بابەتێکە لە کۆلێجە پەروەردەییەکان دەخوێنرێت، هەروەها پێدەچێت ئەو مامۆسـتایە لە دەرچووانی کۆلێجەکانی تر بێت بەدەر لە کۆلێجی پەروەردە.

به پێی برگەی (٥) کە ئەمە دەقەکەیەتی (ناوەڕۆکی بابەتەکەی ببەستێتەوە بە ژینگە و ژیانی فێرخوازەوە) کە ڕیزبەندی (٣١)ە، ناوەندی شیاوی دەکاتە (1.96)خشتەی ژمارە (١) وا باوە کە بەستنەوەی بابەت بە ژیانی ڕۆژانە و ژینگەی خوێندکارەوە وا دەکات خوێندکار بەباشی لە بابەتەکە تێبگات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی مامۆستاکان لە نمونەی توێژینەوە لە رووی لایەنە پەروەردەییەکان و کەم هێنانەوەی نموونە لە ژیانی خوێندکاران بۆ تێگەیشتنی بابەتەکە.

بەلأم برگەی (٨) کە ئەمە دەقەکەیەتی (هەڵس وکەوتی لە ئاستی پێگە و پیشەکەیدا بێت.) کە ڕیزبەندی (٣٢)ە، ناوەندی شیاوی دەکاتە (1.94)خشتەی ژمارە (١) هەردوو توێژەر لاوازی ئەم برگەیە دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە مامۆستا زۆر پیرۆزە و خوێندکار لاسایی دەکاتەوە، بەو پێیەش دەبێت هەڵسوکەوتی لە ئاستی مامۆستایەکی زانکۆدا بێت، تورە نەبێت و توانای زاڵبوونی بەسەر خۆیدا هەبێت، چونکە پێویستە مامۆستا خاوەنی لێهاتووییەکانی فێرکردن و کەسێتییەکی دیاریکراو بێت بۆ ئەوەی بتوانێت لەو ئەرکەی کە ئایندەی کەسانی تری پیێ دەسپێریێت بتوانێت بەرجەستەی بکات.

برگەی (١٦) کە ئەمە دەقەکەیەتی (پابەندبێت بە یاسا و ڕێنماییەکانی زانکۆ) کە بە ڕیزبەندی (٣٣) هاتووە بە ناوەندی شیاوی (1.91)خشتەی ژمارە (١) بە بڕوای هەردوو توێژەر هۆی ئەم خاڵە ئەوەیە کە بەشێك لە مامۆستایان وەك پێویست پابەند نابن بە یاسا و ڕێنماییەکانی زانکۆ، یاخود پێدەچێت ئەو ڕێنماییانە وەك پێویست نەگەنە دەستی مامۆستایان، بۆیە باشتر وایە هەر یاساو ڕێنماییەکی نویێ کە دەردەچێت راستەوخۆ لە ڕێگەی ئیمەیلی تایبەتی مامۆستاوە بگاتە دەستی مامۆستایان.

سەبارەت بە برگەی (٢٠) کە ئەمە دەقەکەیەتی (چارەسەری کێشەکانی ناو هۆڵی خوێندن بکات بە نەرم و نیانی) کە بە ڕیزبەندی (٣٤)هاتووە ناوەندی شیاوەکەی بریتیە لە (1.82)خشتەی ژمارە (١) لەم برگەیەدا هەردوو توێژەر وای بۆ دەچن کە هۆکاری ئەم خاڵە دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتی مامۆستا و شارەزابوونی لە بارەی پەروەردە و دەروونناسیدا، مامۆستای پەروەردەیی ئەو مامۆستایەیە کە بتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات بە شێوەیەکی ڕێك و پێکی پەروەردەییانە و دور لە توندوتیژی.

هەروەها برگەی (٣٣) کە ئەمە دەقەکەیەتی (ڕێك پۆش بێت و گرنگی بدات بە ڕواڵەتی خۆی) کە بە ڕیزبەندی (٣٥)هاتووە ناوەندی شیاوەکەی بریتیە لە (1.72)خشتەی ژمارە (١).

لاوازی ئەم برگەیە بەپێی ناوەندی شیاو وە بەپێی بیروڕای هەردوو توێژەر دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی دارایی کە مامۆستا ناتوانێت گویێ بدات بە جل و بەرگ و ڕێك پۆشی خۆی و وەك پێویست جل و بەرگی نویێ بپۆشێت.

**٥– ١ راسپاردەکان:**

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە هەردوو توێژەر ئەم راسپاردانە دەخەنە ڕوو کە بە پێویستی دەزانن وەزارەتی خوێندنی بالأ و زانکۆ و دامەزراوەکانی کار بۆ جێبەجێکردنی بکەن:

1. دەستنیشانکردنی تایبەتمەندی پێویست کە پێویستە لە مامۆستای زانکۆدا بوونی هەبێت.
2. دانانی سیستەمێك بۆ هەڵسەنگاندنی مامۆستا لە تەواوی لایەنەکانی زانستی و ڕەوشتی و پیشەییەوە.
3. لەبەرچاوگرتنی رای مامۆستایان و بەشداری پێکردنیان لە دەرکردنی بڕیارەکاندا لە هەموو بوارە پەیوەندیدارەکان بە مامۆستا و پرۆگرام و خوێندکارانەوە.
4. چاککردنی بارودۆخی مامۆستایان و چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوونیان، چونکە کاتێك مامۆستایان ئەم کێشانەیان هەبێت راستەوخۆ کاریگەری نەرێنی دەبێت بۆ سەر تواناکانیان بە شێوەیەکی گشتی.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.5

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص:١٢٥-١٤١
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

5. گەشــە پێدانی پیشــەییانە بۆ ئەندامانی دەســتەی وانەبێژی لە زانكۆكلندا كە خۆی دەبینێتەوە لە خولەكانی شــیاندن و ڕاهێنانی بەردەوام بە مەبەستی بەرزكردنەوەی ئاست و تواناكانی مامۆستایان.
6. گۆڕانكاری كردن لەو پێوەرانەی كە ڕێگە دەدەن مامۆســتایان لە ناوەندەكانی زانكۆدا وانە بڵێنەوە، ئەویش بە مەبەســتی بەرزكردنەوەی توانا زانستی و پەروەردەیی و پیشەییەكانی مامۆستایان و دەستەی وانەبێژان.

**٥- ٢ پێشنیارەكان:**

1. بە ئەنجام گەیاندنی توێژینەوەی هاوشێوە بۆ مامۆستایانی قۆناغەكانی (ئامادەیی و بنەڕەتی) .
2. بە ئەنجام گەیاندنی توێژینەوەیەك دەربارەی خولەكانی ڕاهێنان و كاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری مامۆستایان.

**سەرچاوەكان**


1. اشرف السعيد احمد محمد (٢٠٠٧): **الجوده الشامله والمؤشرات في التعليم الجامعي** .مصر جامعه المنصوره .دار الجامعه الجديده.
2. الاسمر ، حسن منى.(٢٠٠٥): **كفايات اداو عجوات هيئه التدريس بجامعه أم القرى من وجهه نظر الكاليات.مجله العلوم التربويه**،كليه التربيه،جامعه قگر،العدد٧..ص ١٣١-١٧٣.
3. البيبيتى، مليحان والقرنى(١٩٩٣): **گرق وأســاليب تقويم اداو أعجــا و هيئه التدريس في الجامعات الســعوديه من وجهه نظر عمداو الكليات ورؤساو الاقسام**، مجله ملك سعود، مجلد(٥) العلوم التربويه والدراسات الإسلاميه.
4. الجلبى، سوسن شاكر (٢٠٠٥): **اساسيات بناو الاختبارات و المقايس النفسيه و التربويه**، مؤسسه علاوالدين للگباعه و التوزيع، گ١، دمشق.
5. خليفه، عبداللگيف ومحمود، عبدالمنعم(١٩٩٢): **تصــور الگلبه لخصــائص الاســتاذ الجامعي الكفو في العمليه التربويه**، المجله العربيه للتربيه، المنظمه العربيه للتربيه و الپقافه والعلوم،العدد ٢.
6. الخپيله، هند ماجد (٢٠٠٠) : **المهارات التدريسيه الفعليه والمپاليه كما تراها الگالبه في جامعه الملك سعود**، مجله جامعه أم القرى للعلوم التربويه والإجتماعيه والانسانيه، المجلد الپانى عشر، العدد الپانى، ص ص ١٠٧- ١٢٣.
7. داود،عزيز حنا ونور حسين عبدالرحمن(١٩٩٠): **مناهج البحپ التربوى**، دار الحكمه للگباعه والنشر والتوزيع، بغداد، العراق.
8. سكران محمد.(٢٠٠١): **الگالب والاستاذ الجامعي** .القاهره، دار الپقافه.
9. السهلاوى، عبد الله (١٩٩٢): **الاستاذ الجامعي الجيد صفاته وخصائصه من وجهه نظر عينه من هيئه التدريس وگلاب كليه التربيه**. دراسات تربويه، المجلد الپامن، العدد (٤٧).
10. صبرى,غزان (٢٠٠٦): **اساسيات فى نظام الإحصائى الشامل spss** , دارجدار الكتاب العالمى، الاردن.
11. عبد ربه، وأديبى، عباس (١٩٩٤): **المقومات الشــخصــيه والمهنيه للاســتاذ الجامعي من وجهه نظر گلابه**، رســاله الخليج العربى، العدد(٤٩).
12. عبدالخالق، أحمد محمد (١٩٨٧): **أسس علم النفس،** گ٤، دار المعرفه الجامعيه الإسكندريه.
13. علام،صلاح الدين محمو د(٢٠٠٦ ): **الإختبارات والمقاييس التربويه والنفسيه**.،گ ،عمان،الاردن،دار الفكر للنشر والتوزيع.

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

14. عواشريه ،سعيد.(٢٠٠٣): **تقويم مستوى تحكم الٔستاذ الجامعى ڧ بعچ الكفايات التدريسيه –ڧ ڤل العلاقه التفاعليه بينه وبين الگالب،دراسه ميدانيه**. فعاليات الملتقى الوگنى للتقويم التربوى ڧ المنڨومه الجامعيه : واقعه وسبل تگويره .الاغواگ : قسم علم النفس و علوم التربيه، جامعه الاغواگ، الجزائر .أيام ٧ و٨ ديسمبر.٢٠٠٣. ص١٥٠– ١٧٧.

15. عيسوى، عبدالرجمن (١٩٨٤): **تگوير التعليم الجامعى**، دار النهچه العربيه، بيروت.

16. الغزيرات، محمد إبراهيم.(٢٠٠٥): **تقويم الكفايات التدريسيه لدى أعچا و هيئه التدريس ڧ كليه العلوم التربويه بجامعه مؤته من وجهه نڤر گلبه الدراسات الاجتماعيه** .جامعه الإمارات.

17. غنيم، احمد على واليحيوى، صبريه مسلم.(٢٠٠٤): **تقويم الٔداو الٔكاديمى لعچو هيئه التدريس ڧ جامعه الملك عبد العزيز من وجهه نڤر الگلاب والگالبات**، منشور ڧ مركز بحوپ كليه التربيه، جامعه الملك سعود، الرياچ.العد٢٢٤.

18. ماحى إبراهيم و بشير معمريه.(٢٠٠٣): **خصائص الٔستاڎ الجامعى كما يدركه گلابه** ، دراسه ميدانيه على گلاب جامعه باتنه، فعاليات الملتقى الوگنى للتقويم التربوى ڧ المنڨومه الجامعيه .

19. ملحم، سامى عبدالرحمن(٢٠٠٠): **القياس والتقويم ڧ التربيه وعلم النفس**، دار المسيره للنشر والتوزيع، أربد، الٔردن.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.5